**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ١٨٧٣ لە ٢٠٢٣/٦/١٩**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٣**

پشت بە حوکمی مادده (٨) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :

**یەکەم:** دەســـت پێ کردنی پشـــووی دادگاکانی هە رێمی کوردســـتان - عێراق بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە بەرواری ٢٠٢٣/٧/١.

**دووەم:** ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە (کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە ) هە یە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن .

١- وەرگرتنی داوانامە (عريضة الدعوى) و گلدانەوەی یەدەگ (الحجز الاحتياط) و پێراگەیاندنی یاسایی.
٢- ئەوکێشەو پرسە بە پە لانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کردووون .
٣- ئەو داوایانەی گڵدانەوەی ســـەرەتایی تێدایە یا داوای دواخســـتنی جێبەجێکردنی بریارێک یامامەلەیەکی تێدادەکات .
٤- داوای میری بۆ مولک سەندنەوە (استملاک ) .
٥- ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم.
٦- داوای مایە پوچ بوون (افلاس) و هە ر داوایەکی ترلێی بکەوێتەوە .
٧- داوای هە ڵگرتنەوەی و لێک کرینەوە (شفعە) و پاکتاوکردنی وەقف و جۆلکردنی بە کرێدراو.
٨- داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و رێگەی جۆگەلە و سوولاوکە و هاتووچون (حقوق السقى والمجرى والمسيل والمرور ) مافەکانی (ارتفاق) .
٩- داوای پاکتاوکردنی کۆمپانیاو ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە .
١٠-داواکانی راست کردنەوەی (تەمەن ، ناو ، نازناو).
١١- ئەو داوایانەی فەرمانگەی رسمی یان نیمچە رسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە.
١٢- داواکردنی خەرجی بژێوی (نفقە) و دایەنی (حضانە) و دیتنی منداڵ و رەچەلەک (مشاهدة طفل ونسب).
١٣- داواکانی سەلماندنی پیگەیشتووی لێهاتووی (اثبات الرشد) .
١٤- داواکانی لادانی سەر کار (قيم) و پێ سپێرداو (وصی).
١٥-داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە .
١٦- ئەو داوایانەی یاسایەک بە پەلەی دانابێت .

**ســـێیەم:** جگە لەو داوا وکێشـــانەی لە برِگەی دووەمی ئەو (بەیان)ە دا هاتووە ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببێنێت ئەگەر :-

أ- بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە.
ب- هەر دوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن .
ج-داواکە گەیشتبوو قۆناغی کۆتایی .

**چوارەم:** گشت مامەلە کانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن .

**دادوەر**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**